عەبدوڵڵا سەمەدی

## پێشوازی و کۆچ

**بۆ: یەکەم شەوی پایز**

**چ بێبەدزە و نهێنی هاتی، هاوڕێ!**

بێ خشپەیەك، بێ جووڵەیەك، بە پێی جۆبارێکی بێخوڕە و قەڵبەزە.لەسەر سینگ خوشی و گۆمیلکە گۆمیلکە لە ڕووبار نزیك بوویەوە. ئارام ئارام بەسەر چۆمی مەندا خۆت گەیاندە ڕەڵمەکانی کەنارەیەکی نوستوو. بەسەر خیزا خزی.. خزی.. و بە لابەلای گاشەکانا هەڵگەڕای و لە دارستانی کپ و بێدەنگ، بە ڕۆژ خەفتای..

دەمەو ئێوارە، چاوی جاسووست لێ زیت کردبوو، گەڵاکانت دەپشکنی، لکەکانت دابووە بەر سێرە. تاریك و ڕوون، لە بوولێڵا، وەك سێبەرێکی تەڵخ، وەك پەڵە نمێکی سارد، بەرپێی دارەکانت تەنی و وەك تەزوویەك بە لەشی دارەکانا هەڵچووی.

شەوی مابوو، هێشتا مابووی فلچەی شەوەکی، ڕەنگی مشکی بە هێڵی ئاسۆوە بپژێنێ؛ تەزووی تاسەت، لە ناو نوێنا، لەبەر هەیوان، دار ئاسایی، لە پێوە تا سەر لە ئامێزی گرتم.

دەرگایەك بوو لە خەونمدا، بەرەو ڕووی وەخەبەری دەکرایەوە، لێی هاتمە دەر، وەدەر کەوتم و بەرەو دارستان هەنگاوم نا، بەلەز هاتم، تاکە جارێك پێم نەکەوتە سەر زەوی. لە دارستان وەژوور کەوتم. چاوەڕێم بووی..

وەك سەرکردەیەکی سەرکەوتوو، بەرزترین شوێنت گرتبوو. نە غوللوور، نە شیر لە مست، بەڵام بە هەیبەتەوە وێستابووی..

وەکی ماسی، لە گۆمی هەوادا مەلەم دەکرد و مابەینی دارەکانم دەبوارد. بە چەرخ و خول گەیشتمە تۆ و دەست لە ناو دەست بە سەمای بالە داگەڕاین. بەر لەوەی لە دارستان وەدەر کەوین، خەڵاتی تۆ، یەکەم گەڵا کەوتە سەر شانم. ئیدی ئەمجار بە ئاشکرا و گۆرانیی با و سروودی هاشە، پێمان نایە کۆڵانی شار..

دانە دانە پەنجەرە بوو کە دادەخرا. خەواڵوو بوو، چاوێك وەخەبەر و چاوێك نوستوو، بەلەز دەخزایە بن پەتوو.

**هاوڕێ! هاتی!**

هەموو ساڵێ، یەکەم کەسم کە بێمە پێشوازت. لە سەرەتای زستانی مەرگیشا، تاکە کەسم بە شوێن تابووتەکەتا هەر هەنگاوەی فرمێسکێك دەنێژم.